## وتووێژ لەگەڵ

# د. کەماڵ سلێمانی

**سازدانی وتووێژ: شەهلا دەباغی**

”

لە بەردەوامیی کاری گۆڤاری تیشکدا، هەوڵ دەدەین لە ڕێگای بەرنامەی گۆڤارەوە پەرە بە بابەت و باسەکانی گۆڤاری تیشک بدەین، بۆ ئەم مەبەستە هەر جارە و بە شێوەی باکس، چەمک و بابەتێک لەگەڵ پسپۆڕان شی دەکەینەوە. ئێوەی بەڕێز دەتوانن پرسیارەکانتان بنێرن و دوای بڵاوبوونەوەی باسەکانی باکسی تایبەت بە باس و چەمکەکان، لە بەرنامەیەکی تایبەتدا وڵامی پرسیارەکانی ئێوەی بەڕێز دەدەینەوە.

مەبەست لەم شێوە کارە ئەوەیە کە هەم بینەری ئاسایی بتوانێ بێتە نێو بەشێک لە باسەکانەوە و، هەم قوتابییانی زانکۆش وەک ڕێفرێنس بۆ بەرینتر و قووڵترکردنی نووسینەکانی خۆیان کەڵکی لێ وەربگرن.

باکسی یەکەمی گۆڤار تایبەتە بە چەمکی کۆلۆنیالیزم و ئایا کوردستان کۆلۆنییە؟ لەگەڵ پرۆفیسۆر کەماڵ سلێمانی مامۆستای زانکۆ، لە چەند بەرنامەدا هەوڵ دەدەین ئاسۆیەکی فراوانتر لەسەر چەمکی کۆلۆنیالیزم بێنینە بەرچاو، چاوەڕێی ڕەخنە و پێشنیارەکانی ئێوەی بەڕێز دەبین.

“

دەناسێنێت یان هەوڵی نێودەوڵەتی بۆ سڕینەوەی کورد و کوردستان دەخاتە بەرباس و لێکۆڵینەوە. باسی کوردستان وەکوو کۆلۆنییەکی نێودەوڵەتی هەم ئاماژە بە مێژوویەکە کە کوردی دابڕدابڕ کردووە و هەمیش پەردە لابردنە لەسەر هەوڵی نێودەوڵەتی بۆ شوێنەونیی کوردستان و هێز و ویست و ئیرادەی کوردی بۆ سەروەریی خۆی. دکتۆر نایف بەزوان مەسەلەی کۆلۆنیالیزمی ناوخۆیی وەکوو ئینتگراڵ کۆلۆنیالیزم یان کۆلۆنیالیزمی بتوێنەرەوە باس دەکات و دیسانیش هەم ناوخۆییە و هەم نێونەتەوەیی. کۆمەڵێک سیاسەت و ستراتێژی لە لایەن چوار وڵات لە ناوخۆ و لە دەرەوە دژی کورد بەکار دەهێنرێن. دکتۆر نایف بەزوان، کە ئەکادیمیسیەنێکی باکوورییە و ئێستا لە ئاڵمان دادەنیشێت، پێی وایە ئێمە دەبێت باسی ئینتگراڵ کۆلۆنی واتا کۆلۆنیالیزمی بتوێنەرەوە بکەین، چونکە هەوڵی ئەو دەوڵەتانە ئەوەیە کوردستان بسڕنەوە. پێم وایە ئەو شتەی د. نایف زۆر زۆر بەجێیە. سەرەڕای تواندنەوەیەکی چوار لایەنە و ڕەنگە زیاتر لە ناوخۆی ئەو دەوڵەتانەشدا، ئێمەی کورد لەگەڵ پرۆژەی توانەوە بەرەورووین. پرۆژەی تواندنەوەی کورد لە زۆر بارانەوە سەرکەوتوو بووە. بۆ نموونە، زۆربەی زۆری حیزبە کوردییەکان پاشگری ئێرانی، عێراقی و سووری و تورکییان پێوەیە. یانی ئێرانیبوون یان کوردبوون کێشەیەک نییە حیزب و سیاسەتی کورد توانیبێتی تەنانەت بە شێوەی مەعریفیش بۆخۆی یەکلایی بکاتەوە. بە شێوەی سایکۆلۆژیک و دەروونیش باسێکی ئاواش هەر کوردتۆقێنە، جا چ دەگات بەوەی کورد باسی مافی جیابوونەوە بکات. ئەوە پێمان دەڵێت کە کورد لە باری دەروونی، مەعریفی و کولتووری تا ڕادەیەکی زۆر تواوەتەوە. هەر بۆیەش دیسکۆرس و گوتارە سیاسییەکەی بۆخۆشی سەرلێشوێنەرە.

لێرەدا باسەکە ئەوە نییە کە کورد جیا دەبێتەوە یان نا؛ بەڵکوو باس لە توانەوەی مەعریفیی کوردە. ئەگەر کورد باسی جیابوونەوەش بکات شتێک لە ئەزیەت و ئازارەکەی ئێستای زیاد ناکات. هەر وەکوو باسی یەکپارچەیی و یەکگرتوویی ئەو شتانەش لەگەڵ «ئەوی دیکە»، کوردی هەر لە هەڕەشەی جینۆساید ڕزگار نەکردووە. بۆ نموونە کوردی باکوور تا باسی سەربەخۆیی دەکرد کەرامەتێکی هەبوو. بەڵام، ئێستا کە لە پرۆژەی بەتورکییەکردنی کورددا وەپێش دەوڵەتی تورک کەوتووە، لە بەشەکانی تری کوردستانیش خەریکن ڕاوی دەنێن. کۆلۆنیالیزمی مەعریفی و سایکۆلۆژی وای کردووە کورد ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر پاشەکشە بکات. تەنانەت شەڕی پراکیسی بۆ دوژمنەکانی بکات یان تەنانەت نۆستالژیی گەڕانەوەی بکوژی خۆی هەبێت: ئێستاکەشی لەگەڵدا بێ کورد لە باشووری کوردستان، تەنانەت دوای ڕیفراندۆمیش، ناتوانێت خۆی لەو وەزعە بێنێتە دەر. نەتەوەیەکی دیکەم پێ شک نایە کە دوای دوو جار جینۆساید لەلایەن نەتەوەی باڵادەستەوە، ئێستاش هیوای گەڕانەوەی هێز و حوکمی ئەو نەتەوەیە بخوازێت کە جینۆسایدی کردووە. ئێستاش ئارەزووی گەڕانەوەی سەدام حوسێنیان هەیە. بۆیە کاتێک باسی کۆلۆنیالیزمی ناوخۆیی دەکەم، باسم لەو توێیەی دیکەی کۆلۆنیزەکردنی کوردە. کوردێک کە لەبری بەرخۆدان دژی بەتورکییەیی کردن، چەندین دەیە بە «کێوی»یان دەناساند، ئێستا ئەرکی بەتورکییەیی کردنی خۆی بۆخۆی گرتووەتە ئەستۆ. کوردێک کە بەدەستی بەعس جینۆساید کراوە، ئێستا نۆستالژیی حوکمی بەعسی هەیە. ئایا ئەو شتانە هەمووی ڕێکەوت و هەڵکەوتە، یان گوزاریشت لە ڕادەی سەرکەوتنی پرۆژەی کۆلۆنیاڵ لە کوردستان دەکات. کۆلۆنیالیزمێک کە هەم

نێودەوڵەتییــەدا: چوار دەوڵــەت بە کۆ هەوڵی ســڕینەوەی کوردیــان هەیە یــان لانیکەم هەوڵی سڕینەوەی ئیرادەی سیاسیی کوردیان هەیە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاســتدا. هەر چوار دەوڵەتیش لەسەر ئەوە کۆکن. هەم ناوخۆییە: هەر یــەک لــەو دەوڵەتانەش کــە هەوڵی تواندنەوەی کوردی ژێر دەســەڵاتی خۆی بە جیا هەیە، لە کوردی بەشــەکانی تریش بۆ تواندنەوەی کوردی ژێردەستی خۆی کەڵک وەردەگرێت، تا ڕادەیەکی زۆریش سەرکەوتوو بووە. مەبەست لێرەدا ئەوە نییە ئەو دوو شتە لێــک جیان، بەپێچەوانــەوە پێم وایە یەکتر تەکمیل دەکەن.

دۆســتێکی دیکە مەســەلەی کۆلۆنیالیزمی نێوخۆیــی وەکــوو ئینتگــراڵ کۆلۆنیالیزم یــان کۆلۆنیالیزمی توێنــەرەوە باس دەکات کە دیســانیش هــەم نێوخۆیییــە و هەم نێونەتەوەیــی. کۆمەڵێــک سیاســەت و ســتراتیژی لە لایەن چــوار وڵات لە نێوخۆ و لــە دەرەوە دژی کورد بــەکار دەهێنرێن. دوکتۆر نایف بەزوان، کە ئەکادیمیسیەنێکی باکووریە و ئێســتا لە ئاڵمان دادەنیشێ، پێی وایە ئێمە دەبێ باســی ئینتگراڵ کۆلۆنی واتا کۆلۆنیالیزمی توێنەرەوە بکەین، چونکە هەوڵی ئەو دەوڵەتانە ئەوەیە کوردستان بسڕنەوە. پێم وایە ئەو شــتەی د. نایــف زۆر زۆر بەجێیە. سەرەڕای تواندنەوەیەکی چوار لایەنە و ڕەنگە زیاتر لە نێوخۆی ئەو دەوڵەتانەشــدا، ئێمەی کــورد لەگەڵ پرۆژەی توانــەوە بەرەوڕووین. پــرۆژەی تواندنــەوەی کورد لــە زۆر بارەوە ســەرکەوتوو بووە. بۆ نموونە، زۆربەی زۆری حیزبە کوردییەکان پاشگری ئێرانی، عێراقی و سووری و تورکییان پێوەیە. یانی ئێرانیبوون یان کوردبوون کێشــەیەک نییە کە حیزب و سیاســەتی کورد توانیبێتــی تەنانەت بە شێوەی مەعریفیش بۆخۆی یەکلایی بکاتەوە. بە شێوەی ســایکۆلۆژیک و دەروونیش هەر باســێکی ئــاواش کوردتۆقێنە، جــا چ دەگا بەوەی کورد باســی مافی جیابوونەوە بکات. ئــەوە پێمان دەڵێ کورد لــە باری دەروونی، مەعریفی و کولتوورییــەوە تا ڕادەیەکی زۆر تواوەتەوە. هەر بۆیەش دیســکۆرس و گوتارە سیاســییەکەی بۆخۆشی سەرلێشــوێنەرە. لێرەدا باسەکە ئەوە نییە کورد جیا دەبێتەوە یان نــا؛ بەڵکوو باســەکە ئەوەیــە کورد لە باری مەعریفی تواوەتــەوە. خۆ ئەگەر کورد باســی جیابوونەوەش بکا شتێک لە ئەزیەت و ئازارەکەی ئێســتای زیاد ناکا. هەر وەکوو باســی یەکپارچەیــی و یەکگرتوویی و ئەو شتانەش لەگەڵ «ئەوی دیکە»، کوردی هەر لە هەرەشەی ژینۆســاید ڕزگار نەکردوە. بۆ نموونە کوردی باکوور تا باســی سەربەخۆیی دەکرد کەرامەتێکی هەبوو. بەڵام، ئێســتا کە لــە پرۆژەی بە تورککردنــی کورددا وەپێش دەوڵەتی تــورک کەوتووە و لە بەشــەکانی تری کوردســتانیش خەریکن ڕاوی دەنێن. کۆلۆنیالیزمی مەعریفی و سایکۆلۆژیی کورد وایکردوە ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر پاشەکشــە بکات. تەنانەت شــەڕی پراکســی بۆ دوژمنەکانی بــکات یان تەنانەت نۆســتالژیی گەڕانەوەی بکوژی خۆی هەبێت: ئێستاکەشــی لەگەڵدا بێ کورد لە باشــووری کوردستان، تەنانەت دوای ڕیفراندۆمیش، ناتوانێ خۆی لەو وەزعە بێنێتە دەر. نەتەوەیەکی دیکەم پێ شک نایە دوای دوو جار ژینۆســاید لەلایەن نەتەوەی باڵادەســتەوە، ئێســتاش هیوای گەڕانەوەی هێــز و حوکمی ئەو نەتەوەیــە بخوازێ کە ژینۆســایدی کردووە. ئێســتاش ئارەزووی گەڕانەوەی ســەدام حوســێنیان هەیە. بۆیە کاتێک باسی کۆلۆنیالیزمی نێوخۆیی دەکەم، باســم لەو توێیەی دیکــەی کۆلۆنیزەکردنی کــوردە. کوردی بە «کێوی» کــردووە، بەڵام هەوڵــی تورکییەلەشــمەی هەیــە، کوردی بەدەســتی بەعس ژینۆســاید کردووە، بەڵام نۆســتالژیی حوکمی بەعسی هەیە. ١. چوار دەوڵەت بە کۆ هەوڵی ســڕینەوەی کوردیان

